ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# مۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان

## تێکەڵەیەک لەئابوری کرێخۆرو نیولیبڕالیزم



نوسین و ئامادەکردنی: ئەنوەر کەریم

حوزەیرانی ٢٠٢١

# مۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان

## تێکەڵەیەک لەئابوری کرێخۆرو نیولیبڕالیزم

نوسین و ئامادەکردنی: ئەنوەر کەریم

ئەندامی ژوری توێژینەوەکان /گۆشەی ئابوری

# پێڕست


پێڕست ........ ٣

پێشەکی ........ ٤

دەوڵەتی کرێخۆر و ئابوری کرێخۆر؟ ........ ٥

بەچی دەوڵەتێک دەگوترێت دەوڵەتی کرێخۆر؟ ........ ٥

مۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان چییە؟ ........ ٦

تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی ئابوری کرێخۆر ........ ٦

سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابوری کرێخۆر ........ ٧

پرسی بودجە ........ ٨

سیستەمی بازاڕی ئابوری کرێخۆر چۆنە؟ ........ ٩

پەیوەندی هاوڵاتییان و دەسەڵات ........ ١٠

ڕەخساندنی دەرفەتی کار ........ ١٠

ئایا ئابوری کرێخۆر ڕێگا لە دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابوری دەگرێت؟ ........ ١١

کاریگەری باج ........ ١١

نەخۆشی هۆڵەندی و کێشەی خەرجکردن ........ ١٢

کاریگەریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ........ ١٢

تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی و دەوڵەتی کرێخۆر ........ ١٣

زیانەکانی ئابوری دەوڵەتی کرێخۆر چییە؟ ........ ١٥

ڕەخنەگرانی تیۆری کرێخۆری ........ ١٦

تیۆری هاتنەئارای چینی باڵا ........ ١٧

ئامانجی چینی باڵا ........ ١٧

ئەرکەکانی حکومەت لەدەوڵەتی کرێخۆردا ........ ١٨

ڕۆڵی قوتابخانەی شیکاگۆ لە هەرێمی کوردستان ........ ١٨

چارەسەر ........ ٢٢

دەرئەنجام ........ ٢٣

سەرچاوەکان ........ ٢٥

## پێشەکی

ئابوری موڵکانە واتە ئابوری کرێخۆر. ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو کە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت تەنها سەرچاوەی داهاتەکەیان لەسەر ئەو نەوت و غازە بوە کەدەیان فرۆشت و لەڕێگای کۆمپانیایەکی بیانیەوە نەوتەکەیان دەردەهێنا، زۆربەی وڵاتانی ئۆپێک ئابورییەکەیان بوبوە ئابوری کرێخۆر (موڵکانە)، بەڵام بەم دوایانە خەریکی هەمە چەشنکردنی ئابوریەکەیانن، لەو کاتەوە هەتا ئێستا نەوت بووە بە کەرەسەیەکی گرنگ بۆ گەشەکردنی ئابوری جیهان و کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر پێشخستنی مرۆڤایەتی، بەڕادەیەک کە سێکتەرەکانی تری ئابوری ئەو گرنگییەیان نەبوو. دوای ئەوە گۆڕانکارییە گەورەکان لە شۆرشی تەکنەلۆجیا و دارایی دەستپێکرد و بەتێپەربونی کات و بەهۆی دۆزینەوەی سەرچاوە پاکەکانی نوێی وزەوە، نەوت ئەو بایەخەی لەدەستدەدات بەڵام لە دەیەیەکی نزیکدا.

بۆ یەکەمجار چەمکی ئابوری موڵکانە لەلایەن زانایەکی سیاسی و ئابوری ئێرانەوە داهێنرا، لەوکاتەدا ئێران یەکێک بوو لە وڵاتە گەورە بەرهەمێنەرەکانی نەوت و لە هەمان ئاستی سعودییەدا بوو.

بەگشتی ئابوری کرێخۆر ئابورییەکی سەرکەوتوو نیە، لەبەر ئەوەی نەوت بزوێنەری ئابوری جیهانە بۆیە هەموو دەوڵەتەکان دەستی تێدەخەن و نایەنەوێت نرخەکەی زۆر بەرز بێتەوە، چونکە کاریگەری تەواو دەکاتە سەر ئابوری وڵاتانی هاوردەکارانی نەوت و دەیانەوێت نرخەکەی لە ئاستێکی دیاریکراودا بێت، ئەمەش بە مەبەستی بەردەوامی گەشەی ئابورییەکەیانە. ئەم دۆخەش زۆرجار زیانی گەورەی بەوڵاتانی موڵکانە گەیاندووە و نەیانتوانیوە بە نەوت بودجەی خۆیان پڕبکەنەوە. کورتهێنانی بودجەیان هەبوە، هەموو ئەوانە وا دەکات وڵاتانی ئابوری موڵکانە بەهۆی ناجێگیری داهاتەکەیانەوە تووشی قەیرانی ئابوری و دارایی بین.

عێراق و هەرێمی کوردستان نموونەیەکی ئابوری کرێخۆرن، بەردەوامیش کێشەیان هەیە لەگەڵ کەمی داهاتدا وڵات و قەیرانی ئابوری و دارایی هەبوە. مەبەست لەم توێژینەوە ئەوەیە کە حکومەت دەبێت سیستەمی ئابوریەکەی بگۆڕێت و ئابوریەکەی هەمەچەشن بکات تا داهاتەکانی جێگیر بکات و بتوانێت خەرجیەکانی حکومەت بەرێوە بیات. هەروەها سەرچاوەی تر بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی دراوی قورسی دەستبکەوێت نەک تەنها لەڕێگای داهاتی نەوت و غازەوە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزارەوە، دەتوانن ببن بەسەرچاوەی داهاتی گەورەی دیکە. بۆ ئەوەی حکومەت لە ڕێگای ئەو داهاتە جێگیرانەوە بتوانێت پلانە ستراتیجیە کورتخایەن و مام ناوەندو درێژخایەن دابڕێژێت سەرکەوتوانە ئەنجامی بدەن. وولات بەرەو گەشەکردنی بەردەوام و سەرکەتوانە بڕوات. ئەو هەڵانەی کە چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان باجەکەی دەدات ئیتر پێویستە بوەستێنرێت.

## دەوڵەتی کرێخۆر و ئابوری کرێخۆر؟

له زانستی سیاسیدا، دەوڵەتی کرێخۆر بەو دەوڵەتە دەگوترێت کە کۆمپانیا بێگانەکان یاخود کۆمپانیا ناوخۆییەکان، سامانی سروشتی وڵاتەکە دەردەهێنن و بەمەبەستی فرۆشتنی هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوەی دەکەن. ئەو دەوڵەتە تەنها لەسەر یەک سەرچاوەی داهات دەژی، ئەویش فرۆشتنی سامانە سروشتییەکانە.

زۆرجار ئابوری کرێخۆر لەچوارچێوەی دەوڵەتانی نەتەوەییدا دێتە ئاراوە، لەوکاتەدا نەتەوەی سەردەست، دەست دەگرن بەسەر سەرچاوەی یەکەمی داهاتی وڵاتداو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن. لەبەشێکی زۆری دەوڵەتی موڵکانەدا دەسەڵات لەدەستی خێزانێک، خێڵێک یان حیزبێکی سیاسیدایە. هەرچەندە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت ببێتە چوارچێوەیەک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ و دیموکراسی، ئەگەر نا خودی دەوڵەتە نەتەوەییەکە دەبێتە کێشەو سەرچاوەی ستەمکاریی. مانەوەی دەوڵەتەکە و بەردەوامبونی بەندە، بە قەبارەی توانا ئابوریی و سەرکەوتنەکەی؛ بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە. ئەگەر نەشیتوانی ئەو ئامانجانە بەدیبهێنێت ئەوا بە دەوڵەتێکی شکستخواردو و لاواز هەژماردەکرێت.

چەمکی ئابوری کرێخۆر، بۆ یەکەمجار لەلایەن بیرمەندی ئێرانی (حسێن مەهداوی) لە ساڵی ١٩٧٠دا بەکارهێنرا. ئەوەش دوای دۆزینەوەی نەوت و گاز لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێ وڵاتی ئەمریکای لاتین، ئیدی چەمکەکە بووە هۆی سەرنجراکێشان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەلایەن زاناو لێکۆڵەرەوانی زانستی سیاسی و ئابوری لەجیهاندا.

## بەچی دەوڵەتێک دەگوترێت دەوڵەتی کرێخۆر؟

دەوڵەتی کرێخۆر، بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کەخاوەنی نەوت یاخود گازی سروشتی، ئاڵتون و مس و پلاتینیۆم و کانزاکان و هەر سەرچاوەیەکی دیکەی سروشتین. ئەو دەوڵەتانەش لەرێگەی کۆمپانیا بیانییەکانەوە ئەو سامانە سروشتییانە دەردەهێنن و هەناردەی دەرەوەی دەکەن و بەو داهاتە دەژین کە لەو رێگەیەوە بەدەست دێت. تەنانەت، ئەگەر دەوڵەتێک ئامادەیی دەربېرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی دیکە لەسەر خاکەکەی بنکەی سەربازی دابمەزرێنێت و لەبەرامبەردا برە داهاتێک وەربگرێت، ئەم حاڵەتەش بەهەمان شێوە دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوەو بەو دەوڵەتەش دەگوترێت کرێخۆر.

## مۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان چییە؟

ئێستا دەوڵەتی عێراق بەدەوڵەتێکی کرێخۆر ناودەبرێت، بەهۆی پشتبەستنی ئابورییەکەی بەداهاتی نەوت و گاز، هەرێمی کوردستانیش، خاوەنی نەوت و غازێکی زۆرە، هاوشێوەی عێراق؛ پشت بەداهاتی نەوت و غاز دەبەستێت.

سامانی سروشتی کوردستان دراوە بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، ئەوان کاری تێدا دەکەن و سامانەکەی بەرهەمدەهێنن، لەبەرامبەردا هەرێم پارەیەکی کاشی دەستدەکەوێت، بەم پێوەرەش هەرێمی کوردستان دەچێتە چوارچێوەی وڵاتێکی کرێخۆرەوە. واتە هەرێمی کوردستان، بەبەردەوام بەبێ ماندوبون و کارکردنێکی زۆر، مانگانە قازانجێکی زۆری بۆ دێتەوە. ئەمەش دەریدەخات کەمۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان، مۆدێلی ئابوری کرێخۆرە. بەوجۆرە کە لەکۆتایی مانگدا داهاتی ئەو نەوت و گازە دێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و دەکەوێتە دەست گروپێک لەناو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا خاوەن دەسەڵاتن و سودمەندی یەکەم دەبن لەدەستگرتن بەسەر ئەم کرێیەدا.

لەئێستادا دیارترین وڵاتە ئابورییە کرێخۆرەکانی جیهان بریتین لەم وڵاتانە:(سعودییە، نایجیریا، کوەیت، قەتەر، عێراق، بەحرەین، فەنزوێلا، لیبیا و ئیمارات ...). ئەمانە سەرجەمیان ئەندامی ڕێکخراوی OPEC ئۆپێکن و بەرهەمهێنەری نەوتن، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەعێراق، کەرۆژانە نەوت بەرهەمدەهێنێت و قازانجەکەی وەردەگرێت، دەکەوێتە چوارچێوەی مۆدێلی ئابوری دەوڵەتی کرێخۆرەوە.

## تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی ئابوری کرێخۆر

دیارترین تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی ئابوری کرێخۆر بریتین لە:

1. پشت بەو قەبارە گەورەیەی داهات دەبەستێت، کە لەدەرەوەی وڵات بۆی دەگەڕێتەوە. لێرەدا دەوڵەت پێویستی بەوە نیە گەشەی ئابوری لە ناوخۆ لەوڵاتەکەیدا ڕوبدات، ئەگەر بێت و کۆنتراکتەکان بەباشی بکرێن و گەندەڵی تیادا نەکرێت.
2. تەنها بەشێکی زۆر کەم لە دانیشتوانی وڵات بەشداری دەکەن لە دەستکەوتنی ئەو داهاتەدا. بەمجۆرەش هەلی کار نارەخسێت بۆ کۆی ژمارەی دانیشتوان.
3. هەمیشە دەسەڵاتدارانی وڵات ئەو کرێیە وەردەگرن کە لە دەرەوە دەگەڕێتەوە، هەر ئەوان سەرپەرشتی داهات و دابەشکردنی دەکەن بەسەر هاوڵاتیاندا. ئەوەش بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی ئابوری لەناو وڵاتدا.

4 . هەمیشە زۆربەی ئەو کارمەندانەی لە دەزگاکانی حکومەتدا دادەمەزرێنرێن پێویست نین و بەرهەمیشییان وەکو پێویست نییە، واتە رێژەیەک لەکۆمەڵگا دەبێتە موچەخۆری بێ بەرهەمی دەوڵەت، ئەمەش زیاتر وەک دیاردەی بێکاریی شاراوەی کۆمەڵگا دەردەکەوێت.
5 . بە گشتی ئابوری وڵاتانی کرێخۆر تەنها پشت بەنەوت و سامانە سروشتییەکان دەبەستێت و ئابوری وڵات هەمەجۆر ناکرێت، بەمجۆرەش سێکتەرەکانی دیکەی ئابوری و هەمەچەشنەکردنی داهات پشتگوێ دەخرێن.
6 . تەنانەت کەمترین هەلی کار لە کەرتی نەوت و گازدا دەڕەخسێنرێت، بەمەش ژمارە و رێژەی بێکاری رو لەهەڵکشان دەکات.

## سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابوری کرێخۆر

لە زۆربەی مۆدێلی دەوڵەتەکرێخۆرەکاندا بنەماڵەکان دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵاتدا. هەندێکیان باوەڕیان وایە (بنەماڵە قەڵغانی وڵاتە) وەک میرنشینەکانی کەنداو، یاخود بنەماڵە سیاسییەکان، وەک نمونەی بنەماڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمانە لەڕێگای شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە گەیشونەتە دەسەڵات، ئێستاش دەیانەوێت وا لە خەڵکی هەرێم بگەیەنن کەئەمان پارێزەری قەوارەی هەرێمی کوردستانن.

هەندێکی دیکەش جڵەوی دەسەڵات بەهۆی کودەتای سەربازییەوە دەگرنەدەست، یاخود لە رێگای پشتاوپشتەوە وەک شای ئێران لە رابردودا. یاخود میری قەتەری ئێستاو میرنشینەکانی تری کەنداو. ئەو پاشاو سەرۆکانەی کە فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتانە دەکەن، وا بیردەکەنەوە کە ئەوان خاوەنی تەواوی وڵات و گەل و سامانی سروشتی ژێر زەوی و سەرزەوین، بۆیە دەتوانن بەئارەزوی خۆیان، چییان بویت بیکەن و چۆن و بەهەرشێوەیەک دەیانەوێت وڵات بەرێوە بەرن. ئەمە لەزمانی ئینگلیزیدا پێیان دەوترێت (Absolutism) رەهاگەرایی، واتە بونی دەسەڵاتی رەها بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، لەسەرو هەموو یاساو رێساکانەوەن. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە.

ئابوری کرێخۆر، بەشێوەیەکی گشتی سیستەمێکی نادیموکرات دروست دەکات، وەک نمونەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرمانرەوای هەرێمی کوردستان.

لەسیستەمی دەوڵەتی کرێخۆردا، دەسەڵات زۆر بە کەمی باج لەهاوڵاتیان وەردەگرن یاخود هەر وەریناگرن، بۆیە (دۆگلاس یەیتیس) زاناو ئابوریناسی بەریتانی لەمبارەیەوە دەڵێت:"ئەم دۆخە دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی هاوڵاتیان، بەشداری لەسیاسەتدا نەکەن و زۆر خۆیانی پێوە سەرقاڵ نەکەن، کە ئەمەش واتە لاوازبونی دیموکراسی".

دو زانای سیاسی گەورە (هەزیم بەبلاوی و لوسیانی) دەڵێن:"دەسەلآت بەهۆی ئابوری کرێخۆرەوە دەتوانرێت (هۆشی مرۆڤ)بکرێت، یان بەکرێی بگرێت، واتە (renter mentality)". ئەم پێناسەیە لەنمونەی هەرێمی کوردستاندا بەدیدەکرێت، وەک دەبینین رۆژانە بەسەدان کەس لەژێرناوی رۆژنامەنوس، بونەتە پارێزەری بنەماڵە سیاسییەکان و بەپارەی نەوت میدیای زەبەلاح دروست دەکەن و بەشان و باڵی دەسەلآتدا هەڵدەدەن.

فەرید زەکەریا، نوسەرو رۆژنامەنوسی دیاری ئەمریکی، دەڵێت:"ئەم ولآتە کرێخۆرییە بەتەواوی شکست دەهێنێت لەپێشکەوتنی سیاسیدا بە هۆی وەرنەگرتنی باج لە هاولآتیان، چونکە هاولآتیان گوێ نادەنە کارەکانی حکومەت. بەوپێیەی باج نادەن، گوێ بە کارەکانی حکومەت نادەن و بەدواداچون ناکەن تاکو بزانن پارەکان چۆن لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان سەرف دەکرێت و چەند لەو پارەیە بەفیرۆ دەدرێت". فەرید زەکەریا دەشڵێت:"دەسەلآت لە رێگای بەرتیلدانەوە دەتوانێت خەڵک بکرێت و دەنگەکانیان بەرێت بۆ خۆی". بۆ نمونە دەسەلآتی هەرێمی کوردستان، تەنها لەرێگەی رێکخراوی زیندانیانی سیاسییەوە، هەزاران کەسیان وەک و زیندانی سیاسی ناونوس کردووە کە زیندانی سیاسی نەبون یان هەر زیندانی نەبون و مانگانە موچەیان پێدەدەن. یاخود لە لەکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکاندا، هەزاران کەس بە نایاسایی خانەنشین کراون کە پێشمەرگە نەبون و تەنها بۆ کرینی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا موچەی خانەنشینییان بۆ بریونەتەوە. ئەمە رەفتاری دەسەلآتی ئابوری کرێخۆرە، کەچۆن دەیەوێت کۆمەڵگا بکات بە کۆمەڵگایەکی بخۆرو بەکاربەرو خۆی ببێتە خاوەن بژێوی خەڵک و لەو رێگەیەوە کۆمەڵگا بێدەنگ بکات.

## پرسی بودجە

لەم سیستەمەدا، پرسی بودجە ئەو پرسەیە کە تەنها دەسەلآت ئاگادارییەتی و تەنیا ئەو برە ئاشکرا دەکرێت کە دەبرێتە ناو پەرلەمانەوە. واتە حکومەت برێکی دیاریکراو پارە دەستنیشاندەکات، دواتر ئەو برە وەک بودجەی گشتی ولآت بەموافەقەتی پەرلەمان پەسەندی دەکات. بۆ نمونە لەهەرێمی کوردستان، بەدیاریکراویش لە سەردەمی دەسەلآتی پارتی و یەکێتی کە زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمانیان هەبوو، بەبێ وتوێژ و پرسیار، لەپەرلەمان بودجە بەچەپڵەلێدانی هەردو فراکسیۆنی زەردو سەوز تێدەپەرێندرا، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە لیژنەکان لێکۆڵینەوە وبە دواداچون وردەکارییەکانی بودجە بکەن. ئەو پەرلەمانتارانەش لەسەر ئەساسی بودجەی گشتی ولآت، لەکۆی سیستەمەکە بوبونە خاوەنی بەرژەوەندی و ئیمتیازاتی زۆر، هەر لەموچەی زەبەلاحەوە تا وەرگرتنی زەوی و ئۆتۆمبێلی گرانبەها.

لەئێستاشدا دۆخی بودجە لەهەرێم بەراورد بەقۆناغەکانی رابردو زۆر خراپترە، بەجۆرێک وا بۆ زیاتر لەحەوت ساڵ دەچێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دوایین جار ساڵی ٢٠١٣بودجەی بردوەتە پەرلەمان

، وەجگە لەچەند کەسێکی نێو دەسەڵات، کەسی دیکە ئاگاداری وردەکارییەکانی بودجەو داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان  نەبوە لەو ساڵانەدا.

## سیستەمی بازاڕی ئابوری کرێخۆر چۆنە؟

هەرچەندە دەوڵەتانی کرێخۆر باس لەوە دەکەن ئەوان پشتگیری و پیادەی بازاڕی ئازاد و بازرگانی ئازاد دەکەن Free Market And Free Trading، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە بازاڕە، لەم سیستەمەدا بوونی نیە. دەسەڵاتداران لەو وڵاتانەدا بازاڕی ئازادیان ناوێت، چونکە بنەماکانی بازاڕی ئازاد بەندە لەسەر:

١- جێبەجێکردنی یاسا.
٢- سیستەمی دادگای بەهێزو بێلایەن.
٣-  بوونی شەفافیەت.

ئەگەر سەیری سیستمی سیاسی و ئابوری و دادوەری هەرێمی کوردستان بکەین ئەو سێ بنەما سەرەکییانەی تێدا نییە، کەواتە دەسەڵاتدارانی کوردستان ناتوانن بانگەشەی بونی بازاڕی ئازاد بکەن، هاوکات لە هەموو سیستەمێکی دەوڵەتی کرێخۆردا ئەو بنەما سەرەکیانەی بازاڕی ئازاد بونیان نیە، ئەمەش هۆکارە بۆ لاوازی دیموکراسی دوواکەوتنی سیاسی. لە ئابوری کرێخۆردا دەسەڵاتداران بازاڕێک دروست دەکەن کە تەواو مۆنۆپۆڵ کراوە و کەسە نزیکەکانی  خۆیان  لێی سودمەند دەبن، هاوکات بیرۆکراسییەکی زۆر دادەنێن، بەمەش کارەکانی حکومەت زۆر دوا دەکەوێت و ڕێگە خۆش دەکات کەسێکی نزیکی دەسەڵات بچێتە ناو بازرگانییەکەوە، بۆ ئەوەی کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێت، یان لەکاتی وەبەرهێناندا یاساکانی وەبەرهێنان ئەوەندە بیرۆکراسی تێدایە، کە وەبەرهێنەکە ناچار دەبێت بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی کەسێک لەناو دەسەڵات بکات، بە هاوبەشی خۆی. ئەم کردارانە زۆر بەئاشکرا لەسایەی دەسەڵات و حکومرانی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت. کەواتە دەگەینە ئەوەی بڵێین کە بازاڕ لە کوردستاندا ئازاد نییە و قۆرخکراوەو هەندێکجار بەهۆی ئەو کردارانەوە، کەرتی گشتی، وەک کەرتی تەندروستی و کارەبا لەکەداربوەو چەندین هاوڵاتی زیانیان پێگەیشتووە.

بۆ نمونە لەسایەی ئەم سیستەمەدا، چەند ساڵێک پێش ئێستا بەهۆی دەرزی ئێکسپایەرەوە چاوی ژمارەیەک هاوڵاتی نابینا بوو، ئەمەش فەزاحەت و سکاندالێکی تەندروستی گەورە بو، لەسایەی حکومرانی پارتی و یەکێتیدا، بەڵام سەرئەنجام هیچ کەسێک سزا نەدرا لەسەر ئەو کارەساتە.

یاخود وەک ئەوەی لەساڵی ٢٠١٥دا ڕویداو ئاشتی هەورامیش لەڕێکخراوی میریدا باسی دەکات کە کەرتی کارەبا کە کۆمپانیا حیزبییەکان و نزیک لە بەرپرسەکان بەبڕی ١٥ ملیار دۆلار گازۆیلیان بە

نرخێکی زۆر گران بە وەزارەتی کارەبا فرۆشت، بەوەش زیانی گەورەیان بە بودجەی گشتی هەرێم گەیاند.

## پەیوەندی هاوڵاتییان و دەسەڵات

لە دەوڵەتی کرێخۆردا پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتدا نییە، یاخود پەیوەندییەکی شپرزەیە و بەتەواوی دابڕاون لەیەکتری. بۆنمونە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا ڕۆژێک لەساڵەکەدا وەک دوا وادەی گەڕاندنەوەی فۆرمی باج دیاریکراوە، بەمەش هاوڵاتییان کە ڕۆژانە باج دەدەن و لە ڕێگەی ئەو باجەوە هەمیشە پەیوەندییەکی دینامیکییان بە دەسەڵاتدارانەوە هەیە. بەڵام ئەمە لەوڵاتانی کرێخۆرو لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەدی ناکرێت، ئەوەی کەهەیە لەنێو بەشێک لەوڵاتانی کرێخۆردا ئەوەیە تەنها ئەوەی چوارساڵ جارێک ڕێژەیەک لەهاوڵاتیان بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن و ڕێژەیەکیش بایکۆتی پرۆسەکە دەکەن.

## ڕەخساندنی دەرفەتی کار

وەک ئاشکرایە لەسایەی ئابوری کرێخۆردا، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نەوت و گازەوە، سامانی سروشتی وڵات دەفرۆشرێت و ژمارەیەکی زۆر کەم لەدانیشتوان لەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکەن. بەمجۆرەش هەلی کار زۆر کەم دەڕەخسێت. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکدا وتی ١% ژمارەی کارمەندانی هەرێم لە کەرتی نەوتدا کار دەکەن. ئەم ڕێژەیە سەرەڕای کەمییەکەی بەڵام تەنانەت ئەو ڕێژەیەش لەناو کێڵگە نەوتییەکاندا کار ناکەن بەڵکو لە کەرتی لۆجستی و ئاسایشی کێڵگەکەکاندا خراونەتە کار.

لەلایەکی دیکەوە لەسایەی ئەم سیستەمەدا ئاسایشی خۆراک مسۆگەر نابێت، واتە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کەدەتوانێت لە٢٥ % - ٣٠% دانیشتوان بخاتە کارەوە، هەلی کار زۆر زیاتر دەڕەخسێت، لەبەرامبەردا خەڵک دەوڵەمەند دەبێت و دەسەڵات هەژار دەبێت. ئاسایشی خۆراک پارێزراو دەبێت، خەڵک خاوەنی بڕیاری خۆیان دەبن و پێویستییان بە حکومەت نابێت؛ بەمەش پرۆسەی دیموکراسی بەهێزتر دەبێت. بەڵام لە ئابوری کرێخۆردا دەسەڵات دەست بەسەر داهاتدا دەگرێت، لە دەرئەنجامیشدا دەسەڵات دەوڵەمەندو هاوڵاتییان هەژار دەبن.

بەبەلاوی و لوسیانی لەم بارەیەوە دەڵێن:"دەسەڵات دەست بەسەر کەرتی گشتیدا دەگرێت و خەڵک بەگشتی لە لایەن دەسەڵاتەوە لەسەر کار دادەمەزرێت، ئەمەش دەبێتە قەرەباڵغییەکی زۆر لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا". لە هەرێمی کوردستاندا حکومەتێکی قەبارە گەورەو سست بە ئاشکرا دەبینرێت، بەمەش دەسەڵات دەیەوێت هەمو هاوڵاتییان لەسەر یەک هێڵ بهێڵێتەوە.

بەوشێوەیە خەڵک بێدەنگ بکات و هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕین و پشێوی نەکەوێتە ناو کۆمەڵگەوە. لەدەوڵەتی کرێخۆردا دەسەڵات بیرۆکراسییەتێکی زۆر بە کار دەهێنێت، کارەکانی حکومەت بە خاوی و خراپی دەڕوات و وەبەرهێنان دوادەکەوێت. لە دەوڵەتی کرێخۆردا دەسەڵات زۆرجار بەربەست دەخاتە بەردەم کۆمپانیا بیانییەکان و کارەکانیان بۆ ڕاناپەڕێنن بۆ ئەوەی ناچارییان بکەن کەسانی نزیک لە دەسەڵات بکەن بە هاوبەش. لەدۆخی سەرگرتنی ئەمەدا، کەسە نزیکەکانی دەسەڵات زۆر دەوڵەمەند دەبن. ئەم ڕەفتارە لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا زۆرجار ڕوودەدات. لە ئابوری کرێخۆردا دەسەڵات و هاوڵاتییان، بەتەواوی لەیەکتر دا دەبڕێن کە خۆبەخۆ زەمینە بۆ دروستبونی گروپی توندڕەو خۆش دەکات، کە زۆرجار هۆکاری دروستبوونی ئەو گروپانە هەر ئابوری نییە.

## ئایا ئابوری کرێخۆر ڕێگا لە دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابوری دەگرێت؟

هەموو زانایانی زانستی سیاسی و زانستی ئابوری جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئابوری کرێخۆر دەبێتە بەربەستێکی گەورە، لەبەردەم سیستم و پرۆسەی دیموکراسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئابوری کرێخۆر دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی ستەمکار و زۆردار. ئەو فۆرمە لە ئابوری، بە هیچ شێوەیەک هانی گەشەکردنی ئابوری نادات. ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-کاریگەری باج.

٢-کاریگەری خەرجکردن.

٣-کاریگەری کۆمەڵ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان.

## کاریگەری باج

ئەوە سەلمێنراوە کە وەرنەگرتنی باج کاریگەری زۆرە لەسەر هاوڵاتییان و کەمکردنەوەی بەشدارییان لەپرۆسەی سیاسی. هاوڵاتییان کاتێک باج نادەن، گوێش بەوە نادەن کە داهاتی وڵات چۆن و بەچ شێوەیەک خەرج و تەخشان و پەخشان دەکرێت. لێرەدا ئەگەر چینی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمی و تەنۆکراتەکان باج نەدەن، زۆر گوێ نادەنە ڕەفتارەکانی دەسەڵات، دەسەڵاتیش بەرامبەر بە کۆمەڵگە هەست بە بەرپرسیارێتی(Accountability) ناکات. پاشان خزمەتگوزاری لە ئاستی پێویستدا نابێت و گەندەڵی تەشەنە دەکات و هاوڵاتییان؛ بەو پێیەی باج نادەن خۆیان لە و سۆنگەیەدا نابیننەوە کەلێپرسینەوە لە حکومەت بکەن.

بەپێچەوانەوە؛ لە وڵاتانی پێشکەوتوادا دروشمێک هەیە دەڵێت (باج نەدان، واتە نەبوونی نوێنەرایەتی حکومەت Not Taxation Not Representation).

## نەخۆشی هۆڵەندی و کێشەی خەرجکردن

دەسەڵاتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت و گاز زۆر گرنگی بە کەرتەکانی دیکەی ئابوری نادەن، ئەمەش دۆخێکە پێی دەوترێت Dutch Disease نەخۆشی هۆڵەندی.

لەسەدەی ڕابردودا هۆڵەندییەکان، هەموو نەوت و گازی دەریای باکوریان دەرهێناو فرۆشتییان بەوڵاتانی دەرەوە. بە داهاتی ئەو نەوت و گازە خەڵکەکەی دەژیاو کەرتەکانی تری ئابوری بەتەواوی پشتگوێ خرابو، کۆمەڵگەی هۆڵەندیش ببوو بە کۆمەڵگەیەکی کرێخۆر. پاش ماوەیەک هەستیان بەم کێشەیەکرد و خۆیان لەو کێشەیە کە ناونرابوو نەخۆشی هۆڵەندی ڕزگار کرد. ئێستا فەنزوێلا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی تووشی هەمان نەخۆشی بووە، ئەمەش چەندین کێشەی بەدوای خۆیدا هێناوە. کاتێک سامانی سروشتی وڵات بەرزدە بێتەوە، دراوی وڵات بەرز دەبێتەوە، ئەوکاتە هەرچی هەناردەی تر هەیە زیانی بەردەکەوێت. کاتێک نرخی سامانی سروشتی هەناردە نزم دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی قەیرانی دارایی و کێشەی زۆر دەنێتەوە کە نرخی دراوی وڵات نزم دەبێتەوە، هەرچی هاوردەی وڵاتە گران دەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی کێشە بۆ کارگەو کەمکردنەوەی قازانج، لەدەستدانی هەلی کار.

کێشەی خەرجکردن زۆر گرنگە، ئەگەر بێت و دەسەڵاتی کرێخۆر وەبەرهێنان بکات لە کەرتەکانی تری ئابوریدا، ئەوا ئابوری فرەجەمسەر دروست دەبێت، کاتێک هەناردە نرخەکەی دادەبەزێت لەڕێگای کەرتەکانی ترەوە، دەتوانرێت وڵات بپارێزێت لەقەیرانی ئابوری و دارایی.

## کاریگەریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

بەگشتی گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکۆمەڵگا دیموکراتەکاندا، ڕۆڵی بەرچاو کاریگەریان هەیە لەبەرەو پێشبردن و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگادا، بەڵام لەنێو سیستمی ئابوری دەوڵەتی کرێخۆردا، ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە زۆر لاوازە یاخود ڕێگەیان لێدەگیرێت بەوەی هەستن بەئەنجامدانی چالاکی و کۆبونەوەکانیان، بەردەوامیش بەربەستیان بۆ دروست دەکرێت. لەدەوڵەتی کرێخۆردا زۆربەی ئەم گروپ و ڕێکخراوانە لە لایەن دەسەڵاتەوە موچەو هاوکاری داراییان بۆ دابین دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سڕبونێکی تەواوی ئەم ڕێکخراوانە و بەلاڕێدابردنی ئامانجەکانیان. ئەم شێوازەی مامەڵەکردنی ڕێکخراوەکان زۆر باوە لە هەرێمی کوردستان، زۆرینەی ڕێکخراوەکان بونەتە سێبەری حزب و لەڕێگای حزبەوە تەمویل دەکرێن، ئەمەش وایکردوە کەزۆرینەی کۆمەڵگا متمانەیان پێنەکات، لەبەرامبەردا ئەو ڕێکخراوانەش ناتوانن مۆبیلیزەی توێژەکان بکەن و دواجار بە زیانی پرۆسەی دیموکراسی دەشکێتەوە. لاوازی ئەو گروپ و ڕێکخراوانە واتە لاوازی دیموکراسی، بۆیە دەڵێین لە وڵاتی کرێخۆردا دیموکراسی زۆر لاوازە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە دەوڵەتی کرێخۆردا، لەبەرئەوەی داهات دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و ئەوان جارێکی تر دابەشی دەکەنەوە بەسەر کۆمەڵگەدا، کەواتە ئەو ویست و ئارەزوی داهاتە وادەکات کە هەم دەسەڵاتداران و هەم ڕێکخراوەکانی نزیکییان دوورنەکەونەوە لە دەسەڵات، ئەمەش پرۆسەی دیموکراسی لاواز و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە مەحاڵ نزیک دەکاتەوە. بە ئاسانی لە هەرێمی کوردستاندا ئەو دۆخە تێبینی دەکرێت. ساڵی ٢٠١٥ کاتێک زۆرینەی فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان ویستییان یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکەنەوە، بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات، ڕێگە نەدرا سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی لە هەولێر و پەرلەمان بۆ زیاتر لە دوو ساڵ پەکخرا. لەو بارودۆخە هەستیارەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە زۆربەی هەرە زۆریان وابەستەی دەسەڵات بوون نەیانتوانی بەرامبەر بەو دۆخە هەڵوێستی جدی ببینن و جوڵە کرداری بەئاراستەی ئەو دۆخە ناهەموارو دژە دیموکراسییە بنێن لەهەرێمی کوردستاندا.

## تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی و دەوڵەتی کرێخۆر

لەسیستەمی کرێخۆردا هەرچەندە بانگەشەی دیموکراسی دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵات داهاتی وڵاتی لایە، بەخواستی خۆی دەست دەکات بە دابەشکردنی بەخشیش و پارە بەسەر خەڵکدا، هاوکات لە ڕێگای میدیای زەبەلاحەوە، بۆ لێدان لەنەیارەکانی و کارکردن بۆ بەلارێدابردنی ڕای گشتی هەڵمەتی فراوانی پڕوپاگەندە ئەنجام دەدات. ئەم دیمەنە بە ئاشکرا لەسایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا دەبینرێت، کاتێک کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان چەندین کەناڵی ئاسمانی و دەزگای میدیایی گەورە و بچوک و پارەیەکی زۆریان بۆ سۆشیال میدیا تەرخانکردوە، ئەوەش لەپێناو بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو دروستکردنی وێنایەکی پێچەوانەو دور لەهەقیقەت، بۆ خۆیان و بۆ نەیارەکانییان.

لە کاتی هەڵبژاردنیشدا، یاری بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەن تا دەگاتە گۆڕینی ئەنجامەکان، ئەوەش لەرێگەی ئەنجامدانی ساختەکارییەوە. هاوکات هێزەکانی ناوخۆ، بەشێوەیەک دیزاین کراون کە لە ژێر فەرمانی خۆیاندان و سەر بە خۆیانن بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری لەو پرۆسەیەدا دەکەن، هەر لەبڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنەوە تابگات بەبەشداری کردن لەساختەکاری کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا. لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا جگە لە ساختەکاریی سیستەماتیکی پەنهان و ئاشکرا، چەندان ڕەفتاری تر بینراون کە کاریگەرییان کردۆتە سەر ڕەوتی هەڵبژاردن و ئەنجامەکان لە دابەشکردنی سەیارە و پارە و دەمانچەوە، تادابەشکردنی زەوی و زار و کڕینی وەلائی دەنگدەران، بەجۆرەها شێوە. لە ساختەکاریی دەنگداندا، تەنانەت پشتیان بە ڕاوێژکاران و هەندێکجار تەکنیککارانی دەوڵەتانی هەرێمی بەست و بە لێشاو ساختەکارییان بۆ ئەنجامدرا. ئەمەش ئاستی دیموکراسی دەردەخات لەسایەی حوکمی مۆدێلی ئابوری کرێخۆردا.

خاڵێک هەیە کە کیڤن مۆریسن ئاماژەی بۆ کردوەو دەڵێت:

"لە دەوڵەتی کرێخۆردا دەسەڵات پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت، بڕێک پارە لە کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردەدا خەرج دەکاتەوە، تاکو ڕێگە لە شۆڕش و ڕاپەڕین بگرێت". بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بە پێچەوانەوە کەرتی تەندروستی و پەروەردە بەتەواوی بەرەو وێرانبوون دەڕۆن. هەروەها کیڤن مۆریسن دەڵێت :"لە وڵاتی کرێخۆردا، داهات زۆرە، بەڵام لەخوێندنی زانکۆکاندا، تا ڕادەیەکی زۆر توانایان لاوازە، بۆ پێگەیاندنی کادیری ئەکادیمی و پڕۆفێشناڵ، بەتایبەتی لەبواری بودجەو یاساکانی وەبەرهێناندا، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرەنگاری نوخبەی دەسەڵات و دەبێتە هۆی بەردەوامی بەتاڵانبردن، کە بەزمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت Predatory. هاوشێوەی نمونەکانی (عومەر بۆنگۆ لەوڵاتی زائیر، قەزافی لە لیبیا، ئەمیرەکانی کەنداو، شای پێشوی ئێران، هەروەها دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەمانە لەو نمونانەن کەداهاتی وڵاتیان تاڵان کردوە و بردویانەتە دەرەوەی وڵات.

مەترسی ئابوری کرێخۆر لەوەشدایە هەرچەندە ئەو سامانە سروشتییەی وڵات لەلایەن کۆمپانیا بێگانەکانەوە یان کۆمپانیای ناوخۆوە دەردەهێنرێت، بەڵام تێچویەکی زۆر دەکەوێت لەسەر هاوڵاتیان، ئەمەش لە هەرێمی کوردستاندا بەڕوونی دەبینرێت. وەک دەزانین گرێبەستەکان قازانجێکی زۆر دەدەن بە کۆمپانیا بێگانەکان، ئەمەش بەهەدەردانی سامانی وڵاتە و لە دەرئەنجامدا هاوڵاتیان زیانێکی زۆریان پێدەگات. لەکۆندا سعودییەش بەو جۆرە بوو، بەڵام ئێستا کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی خاوەنی هەمو نەوتی سعودیەیە، دووای ئەوەی کە نەوتییان خۆماڵی کرد. هەرچەندە پرۆسەی خۆماڵیکردن ئێستا بۆ هەر وڵاتێک بیەوێت بیکات لەوانەیە گرفتی زۆر دروست بکات، بەڵام ڕاستییەکەی سعودیە خۆماڵیکردنەکەی تەنها بۆ بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئال سعود کراوە، زیاتر وەک لەوەی بۆ هاوڵاتیان کرابێت.

لەسایەی حوکمی کرێخۆردا، بەتایبەتی پایتەختی وڵاتەکان دەبینین، کە گەشەی ئابوری وپێشکەوتنی بەرچاوی تێدا دەبینرێت. بە نمونە ئەگەر سەیری پایتەختی میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی و بەغداد و تارانی جاران بکەین، ئەوە بە ڕونی دەبینین. هەروەها ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەبیینین هەولێر گۆڕانکاری تێدا کراوە، بە بەراورد بە شارەکانی تری هەرێم گەشەو پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، مەبەستەکەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت پێگەی خۆی لە پایتەختدا بەهێز بکات. ئەنجامەکەش دابڕانی تەواوی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیانە. لە زۆربەی وڵاتانی کرێخۆردا کە بەشێکی دیاریان دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا.

هەندێکجار لەسایەی ئەم سیستەمەدا هێزی ڕادیکاڵ و توندڕەوی ئاینی دروست دەبن، کە هەڕەشە لەدەسەڵات دەکەن، هۆکاری دەرکەوتنی ئەم هێزانەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان، زۆری ژمارەی بێکاری و ئەمەش خۆبەخۆ دەبێتە زەمینەی توندوتیژی. بە نمونە سعودیەو عێراق بەردەوام

بوەتە شوێنێک بۆ دروستبون و سەرهەڵدان و هەناردەکردنی ئەم جۆرە هێزە توندوتیژانە و بونەتە سەرچاوەی هەڕەشە لەو وڵاتە و لە ئاسایشی جیهانی.

زۆرجار لە وڵاتانی کرێخۆردا، دانیشتوان نارازین و دڵخۆشنین بەرامبەر بە خزمەتگوزارییەکانی دەسەڵات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایی، وەک ئەوەی لە وڵاتی کوێتدا دەبیندرێت، کە پێی دەوترێت وڵاتی مانگرتن، هەروەها لە فەنزوێلاش بەردەوام خۆپیشاندان هەیە دژی شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە. ئەوەی لێرەدا شایەنی تێبینیکردنە، ئەوەیە کە ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەش بۆ چاککردنی کۆمەڵگاو گەشەدان بەئابوری وڵات، گۆڕانکاری گەورە دروست ناکات، چونکە سیستەمە ئابورییەکە هەر ئەوەندەی تێدادەبێت لە رووی داهاتەوە، لە هەمان کاتدا بە هۆی بەرز و نزمی نرخی نەوتەوە، داهاتەکە ناجێگیرە. بەتایبەتی کە ژمارەی خێزانەکانی دەسەڵاتداران گەورەدەبن و پێویستیان بە خەرجی زیاتر دەبێت و دەبن بە بارێکی گران بەسەر بودجەی گشتییەوە. هاوکات بەهۆی ناجێگیری نرخەوە بەردەوام کێشە دروستدەبێت ئابورییەکە لەنێوان گەشەو پاشەکشەدا دەجولێت. ئابوری و سەرچاوەکانی داهات جۆراوجۆر نەکراوەو تەنها یەک سەرچاوەی سەرەکی داهات هەیە، کە سامانی سروشتیە، ئەمەش وادەکات لەو وڵاتە کە کاتی دابەزینی نرخدا تووشی قەیران ببێت.

ئەگەر سەیری میرنشینەکانی کەنداو بکەین کە دەوڵەتی ئابوری کرێخۆرن، پارەیەکی زۆریان بردۆتە دەرەوە کە لە گەنجینەی دەوڵەتدا هەڵنەگیراوە و لەسەر سندوقی سامانی نیشتمانی نییە، ئەمەش نیشانەی گەندەڵییەکی زۆری دەسەڵات و نادادپەروەریە لە دابەشکردندا. لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەم دیاردەیە بوونی هەیە. تانانەت لەهەرێم کار گەیشتە مایەپوچبونی بانکەکان، نەمانی پارە بۆ موچەی کارمەندانی دەوڵەت و قەرزارکردنی هاوڵاتیان و نەوەکانی داهاتوی کوردستان بەهۆی بردنە دەرەوەی پارەیەکی زۆر لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە.

## زیانەکانی ئابوری دەوڵەتی کرێخۆر چییە؟

بەگشتی ئەم پرۆسەیە بە دوو شێواز بەڕێوەدەچێت:

1. شێوازی نەرم: حکومەت لە رێگای موچە و یارمەتی و بەخشین و هاوکاری، هەوڵ دەدات سۆزی خەڵک ڕابکێشێت بۆ لای خۆی. لەو رێگایەوە برێکی زۆری خەڵک بژێویان دەکەوێتە سەر خزمەتکردنی سەرۆک و حکومەتەکەی. وەک میدیا لە هەموو بوارەکانیدا، ڕاوێژکاری و پاراستنی حکومەت و... هتد.

لەم کارەدا حکومەت دوو ئامانج دەپێکێت، لەلایەک ڕای خەڵک ڕادەکێشێت، لەلایەکەی دیکەوە چارەنوس و بژێوی خەڵک دەبەستێت بە خۆیەوە. ئەم شێوازە لە ئابوریدا بەکاری بێ بەرهەم

ناو دەبرێت، کۆمەڵگە دەبێت بەکۆمەڵگایەکی بخۆرو دەزگاکان دەزگای بخۆرن. ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، ئەم دیاردەیە هەستی پێدەکرێت، کە بەر پرسی زۆر هەن، میدیاو لەشکرێک میدیاکاریان لەگەڵدایە، ژمارەیەکی زۆر پاسەوانیان بە دواوەوەیە، تەنها بۆ تۆقاندن و ترساندن، کە ئەمانە تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە لە زۆربەی دۆخەکاندابەرژەوەندییەکانیان دژی بەرژەوەندی خەڵکن. لە ئامارێکدا ژمارەی پاسەوانی بەرپرسەکانی هەرێم گەیشتۆتە پەنجا هەزار پاسەوان، ئەمەش بۆتە بارێکی گران بەسەر ئابوری کوردستان و بودجەی گشتییەوە .

1. شێوازی توند: بریتییە لە بەکارهێنانی زەبر و هێز بۆ مانەوە لەدەسەلاتدا. دەولەتی کرێخۆر چونکە سەرچاوەی داهاتەکەی لە خەڵکەوە نیە، بە ئاسانی دەتوانێت خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، چەکداریان بکات و لە مەترسی هەڵگەڕانەوەی خەڵک؛ خۆی بپارێزێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکرێگرتنی خەڵک بە پارە و ئیمتیازات. دەولەتی کرێخۆری لەکۆتاییدا بەرەو دەولەتی پۆلیسی دەڕوات؛ لێرەدا سروشتی حکومەت دەگۆڕێت، چیتر سوپا ئەو هێزە نیە کە بۆ پاراستنی خەڵک و نیشتمان بێت، بەڵکو هێزێکە بۆ پاراستنی دەسەلات لە خەڵکی. لەم جۆرە سیستەمەدا هەرگیز سوپای نیشتمانی و مۆدێرن دروست نابێت، چونکە سوپای مۆدێرن و نیشتمانی دەبێت خەڵکی سڤیل بەڕێوەی ببات و پەیڕەو کەری دەستور و یاسا بێت.

## ڕەخنەگرانی تیۆری کرێخۆری

نارەزایی لەولاتانی نەوتیدا زۆرە، بۆ نمونە لە کوێتدا، بەردەوام خۆپیشاندان هەیە، بەلام لەئوردندا دەردەکەویت دانیشتوان زیاتر ڕازین لە دەسەلات و کەمترین خۆپیشاندان هەیە. ئەوەی سەقامگیری دەهێنێت، سیاسەت و ئابوری و یاساو کلتورە.

هەندێک ڕەخنەی تر هەیە وەکو ئەوەی دەسەلاتی کرێخۆر بە گشتی لەڕێگای خێڵ یان لەڕێگای ئاینەوە شەرعیەتی فەرمانڕەواییکردن وەردەگرن. هەرچەندە دیاردەی خێڵ هەتا دێت بەرەو لاوازی دەچێت، بەلام لەم دیاردەیەدا کۆمەڵێ پرۆسەی دەسەلاتگیری دەسەپێنرێت، وەک خاوەنداریتی و بەخشین و داواکردن و بەسەروەرکردنی کەسێک، کە هەمویان بۆ درێژەپێدانی دەسەلات گرنگن. ئەوەی لێرەدا هەوڵی بۆ دەدرێت ئەوەیە کە لەخەڵک بگەیەنرێت کەسەرۆک لەوانی تر ناچێت، لە ڕووی تواناو بنەماو ڕەگ و ڕیشەوە، ئەمەش لەڕێگای میدیای زەبەلاح و تەکنەلۆژیای نوێوە دەچەسپێنرێت. ئەم دیاردەیە زۆر بە ئاشکرا لە کوردستان تێبینی دەکرێت. زۆرجار دەبینین مارکێتینگ بۆ سەرکردە و سەرۆکی پارتی و یەکێتی دەکرێت بەوەی فلان کەس سیاسی حەکیمەو فلان کەس کاریزمایە، هاوکات هەلومەرجێکی سایکۆلۆجی و میدیایی دەخولقێنن کە نابێت قسەکانیان ڕەتبکرێتەوە و ڕەخنەیان لێبگیرێت.

## تیۆری هاتنەئارای چینی باڵا

مەبەست لە چینی باڵا لێرەدا ئەو گروپەیە کە سودمەندی یەکەم دەبن لە سامانی سروشتی وڵات، بەم پێیە ئەم گروپە هاوبەشییان هەیە لە سەرچاوەی داهات یان لەڕاستیدا هاوبەشن لە چۆنیەتی و شێوازی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سامانەدا. بەو پێیەی پەیوەندییەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە لەنێوان ئەندامانی ئەم گروپەدا، لەڕوی ئابورییەوە داهاتەکەیان لەفرۆشتنی ئەو سامانەوە پەیدادەبێت، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەبن بەچینێکی دەوڵەمەندو بەتوانا لەناو کۆمەڵگاداو دەبن بەخاوەنی شێوازی تایبەتی ژیان. لە ڕوی سیاسییەوە بەرژەوەندییان لەوەدا دەبێت بۆ داکۆکیکردن و هێشتنەوەی دۆخەکە نزیک بن لە یەکترەوە. دەکرێت تێبینی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان یەکێتی و پارتی و هەندێکی تر لەسەرکردەی حیزبە سیاسیەکانی دیکە بکرێت، کە سودمەندن لە داهاتی سامانی سروشتی لە کوردستاندا.

## ئامانجی چینی باڵا

ئامانجی ئەم چینە هێشتنەوەی دۆخەکەیە وەک خۆیی، کەواتە ئەم چینە لە ئەنجامدا دەبن بە چینێکی پارێزگار (محافزکار-کۆنسێرڤەتیڤ). ئەم چینە بۆ مانەوەی خۆیی، هەمیشە هەوڵدەدات هاوپەیمانی بونیاد بنێت لەگەڵ چین و توێژە کۆنسێرڤەتیڤە هاوشێوەکانی دیکەیی لەکۆمەڵگادا. چونکە ئەم چینە لە هەناوی باوەڕیاندا، وایە کە خۆشگوزەرانی ئەمان لەسەرەوەی کۆمەڵگەوەیە. هەبوونی جیاوازی گەورە لەڕووی ئابوری و ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتی بە سروشتی یان خودایی سەیردەکەن. ئابوریناس و کۆمەڵناسی ناسراوی ئەمریکی (مانسۆر ئۆلسۆن) دەڵێت:"ئەم چینە لە ڕێگای پەیوەندییە نزیکەکەیانەوە هاوپەیمانییەک دروستدەکەن، بۆئەوەی دۆخەکە وەک خۆی بهێڵنەوەو ڕێگا لە هەر نوێکارییەک بگرن، هەروەها بەرپەرچی هەر ڕیفۆرمێک یان چاکسازییەک بدەنەوە ئەگەر بۆنی دەستکاریکردنی ستراکچەری دەسەلات و بارودۆخەکەی لێبێت. لەئەنجامی ئەمەدا زانست و لێکۆڵینەوەو سیاسەت و ئابوری لەدۆخیکدا دەوەستێت و ئەم وەستانە دەبێتە هۆی پەککەوتن و ئەنجامەکەشی لاوازیی گەشە و هەژاری کۆمەڵگا دەبێت. ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت و لە دەیەی ڕابردوودا لەلایەن دو پارتی دەسەڵاتداراوە بە توندی بەرپەرچی بزوتنەوەی گۆڕان و دژایەتی پرۆژەکانی چاکسازی گۆڕان کرا و دەکرێت. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و دەنگدەرانی گۆڕان لە شوێنی کار و فەرمانگەکانی خۆیان دەرکران و مووچەیان بڕدراو سزادران.

## ئەرکەکانی حکومەت لەدەوڵەتی کرێخۆردا

بەرای جۆن گلیپ کە لێکۆڵەرەوەیە لەزانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیی  دەڵێت:"ئەو وڵاتانەی کە پشت بەداهاتی سامانی سروشتی دەبەستن، هەمیشە بەدەست لاوازی گەشەی ئابورییەوە دەناڵێنن یاخود کۆمەڵێک گرفتی تریان هەیە وەکو گەشەی ئابوری لاواز، هەڵئاوسان، گرانی نرخی کاڵاو کەمبەهایی پارەکەمی داهاتی پاشەکەوتکراو، بەرزی ڕێژەی بێکاری و کەمی یان لاوازی گەشەی مرۆیی، ناسەقامگیری داهات و پاشان پشتبەستن  بە بازاڕی دەرەکی کە کۆنترۆڵی لە ژێر دەستی ئەواندا نیە".

لە وڵاتی کرێخۆردا کاتێک بەهۆی داهاتی سامانی سروشتییەوە، بیر لەهیچ پلانێکی تری ئابوری ناکرێتەوە؛ ئابوری سادە دەبێت و بەشێوەیەکی گشتی کۆمپانیای بیانی یان خۆماڵی نەوت دەردەهێنێت و بەکرێی دەدات بە حکومەت.

حکومەتیش بە شێوازی سیاسی  ئەم داهاتە  دابەشدەکات، کەواتە دەرئەنجام حکومەت کورت دەبێتەوە بۆ دەزگایەکی دابەشکەر، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بونیادی حکومەت. ئەگەر سەیری حکومەتی هەرێم بکەین  ئەم دیاردەیە زۆر بەزەقی دەبینرێت لە کاری ڕۆژانەی حکومەتدا. ئێستا کاری حکومەت تەنها بووە بەدابەشکردنی موچەی  فەرمانبەران، لە بەرامبەردا حکومەت ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی لەدەستداوە کە خۆی دەبینێتەوە لە:

١. دروستکردنی ژینگەیەک بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کۆمەڵگا.
٢. ڕاکێشانی وەبەرهێنەر بۆ ناو وڵات.
٣. بەرزکردنەوەی داهاتی تاک.
٤. گەشەپێدانی ئابوری وڵات.
٥. پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا.
٦. پاراستنی دیموکراسی لەناو کۆمەڵگادا.
٧. پاراستنی یاساو سەروەری دادگا.

## ڕۆڵی قوتابخانەی شیکاگۆ لە هەرێمی کوردستان

لێرەدا چەند پرسیارێک سەرهەڵدەدەن؛  قوتابییەکانی نیو لیبرالیزمی سەرمایەداری چۆن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی کاریانکرد؟ چۆن توانیان لە ڕێگای هەڵۆکانی قوتابخانەی شیکاگۆوە پەیڕەوی سیاسەتی  قوتابخانەکە بکەن؟

لەگەڵ ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام حسێن لەعێراقدا و دەستبەکاربوونی حاکمی مەدەنی عێراق؛ پۆل بریمەر و  جۆرج بوشی سەرۆک کۆماری پێشووی  ئەمەریکا و دیک  چەینی  جێگر، کە ئەمانە  هەڵۆکانی

نیولیبڕالیزم بوون، پشتگیرییان له خاوەندارێتی تایبەت دەکرد و داوایان له دەسەڵاتدارانی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێم کرد، کە کەرتی گشتی بکرێت بە کەرتی تایبەت، ڕۆڵی سەندیکاکان نەمێنێت، و ڕۆڵی حکومەت لاواز بێت، باج کەم بێت. ئەم دۆخە ش پاڵی به هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوەنا و دەستیان کرد بەپیسکردنی ژینگەو هێنانی خواردنی خراپ ، هەریەک له زۆنەکانی خۆیان دەستییاندایە هاوردەکردنی خواردنی ئێکسپایەر و دەرمانی کواڵیتی نزم بە هەرزان هینایان و بەگران دەیفرۆشنەوە بەخەڵکی، دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەسەر خۆیانداو گۆڕینیان لە زەوی بەپیتی کشتوکاڵییەوە بۆ پرۆژەی نیشتەجێکردن و باخ و ڤێلا بۆ خۆیان و نزیکەکانیان، پڕۆژە نیشتەجێیەکان درا بەکەسانی نزیکی بەرپرسەکان و کارگەکانی وڵاتیان فرۆشت و ورده ورده کەرتی گشتی پەروەردە و تەندروستی و پەیوەندییەکان و گەیاندن و نەوت و غازیان گۆڕی بۆ تایبەت. ئەم پرۆسەیە لەسەر بنەماکانی بازاڕی ئازاد و بەبێ دەستێوەردانی حکومەت کرا، ئیتر هەردوو حیزب دەستیانکرد بە دابەشکردنی زەوییە گرنگەکانی وڵات بەسەر کۆمپانیا و بەرپرسە حیزبییەکانی خۆیان بەنرخێکی زۆر هەرزان. بەمەش کەرتی گشتی گواسترایەوە بۆ کەرتی تایبەتی حیزب. پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە کەرتێکی پڕقازانجە هەمووی خاوەندارێتییەکەی بۆ کەسانی حیزبی و نزیک لە خۆیانە.

پاڵاوگەکانی نەوت کە دەوڵەتی مەرکەزی عێراق دروستیکردبوون، بەناوی کەرتی تایبەتەوە لەلایەن کۆمپانیا حیزبیەکانەوە دەستیان بەسەردا گیرا. ئەو کۆمپانیا حیزبیانە بۆ پاڵاوتنی نەوت بڕێکی زۆر پارەیان لە بودجەی گشتی دەبرد بۆ تەسفیەکردنی نەوت، هاوکات دەیان کۆمپانیای حیزبی سیکویریتی بەناوی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانەوە داهاتی نەوت هەڵدەلوشن، بەمەش بەهۆی ئابوری هەرێمەوە لەسەر بودجەی گشتی بوون بە سەرمایەداری گەورە و چاوچنۆک. ئەو سەرمایەدارە زەبەلاحانە دەستییان لە هەموو سێکتەرە گەورە وقازانجهێنەکانی ئابووریدا هەیە هەر لە سێکتەری نەوت و گازەوە تاکو تەندروستی و گەیاندن و پەیوەندییەکان. کەسە پلەباڵاکانی ئەم دوو حیزبە خاوەندارێتی کۆمپانیاکانیاکانی حیزب دەکەن و ناڕاستەوخۆ بوونەتە سەرمایەداری زۆر گەورە و میدیای زەبەلاحیان دامەزراندووە. لەسەر بودجەی گشتی وڵات بەهەزاران پاسەوان دەیانپارێزێت، واتە ئەوان بەهۆی بودجەی گشتی وڵاتەوە بوونە سەرمایەدار و مۆنۆپۆلی ئابوری و سیاسەتیان کردووە و بەشێوەیەکی ستەمکارانە وڵات بەڕێوەدەبەن.

دەرەنجام؛ کۆمەڵگە بەتەواوی هەژارە، کەسە یەکەمەکانی حیزب ملیاردێرن، ڕۆڵی حکومەت لاوازو ڕۆڵی ئەم بەرپرسانە فراوان، باج نادەن و بازار قۆرخ دەکەن، دەست دەخەنە ناو کاروباری یاسا و دادگاوە و حکومەت ناتوانێت چاودێری و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. بەتەوای ئەو سیاسەتەی کە لەئەمریکادا بەڕیوە دەچیت و کەرتی تایبەت بەهیزو حکومەت لاواز .

بەهۆی ناڕێکخراویی لە مووچەدانەوە چینی ناوەڕاست لەکۆمەڵگادا نەما؛ چینێک کە بۆ بوون و گەشەی دیموکراسی زۆر پێویستە کۆمەڵگا بۆ دوو چین دابەش بوە لە ئیستادا . هەڵوکانی قوتابخانەی

شیکاگۆ کە ساڵی ٢٠٠٤ دیناری تازەی عێراقییان بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی جێگیرکرد، بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵئاوسان بوو تاکو ئەم دووایانە هەر لە هەمان بازنەدا دەسوڕایەوە تاکو بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و پەتای جیهانگری کۆرۆناوە حکومەتی عێراق بڕیاریدا دا بەهاکەی دابەزێنێت.

ئەم قوتابخانەیە فردیک هایک و میڵتن فریدمان سەرپەرشتی دەکەن. بەباوەڕی ئەمان دەبێت حکومەت واز لەچاودێریکردنی نرخ و کرێ بهێنیت بۆ ئەوەی بازاڕ بە میکانیزمی خۆی کاربکات و خۆی ڕێکبخات. نابێت دەست بخرێتە بازاڕەوە، دەبێت ئازادی تەواو لەداهێناندا هەبێت. هەرچەندە هایک زیاتر سەربەخۆی بازاڕی بەلاوە گرنگ بوە نەک دیموکراسی، بەڵام فریدمان زۆر گرنگ بوە بەلایەوە ئازادی تەواو، دیموکراسی تەواو و هەڵبژاردنی ئازاد و ڕەوا بنەما سیاسییەکانی نیولیبراڵزمن، هەروەها حکومەتی بچوک و کەرتی تایبەتی گەورە بنەما ئابورییەکانین، کەچی دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەم بنامایانەی بازاڕیان پێشێلکردو حکومەتی گەورەو کەرتی تایبەتی بچوکیان پێکهێنا، بازاڕیان قۆرخکردو بەهۆی قۆرخکارییەوە نرخەکان بەرزبوونەوەو بەهۆی نەبوونی دەزگایەکی باشی کۆنترۆڵی جۆریی؛ خراپترین کوالێتی کەلوپەل و پێداویستییەکان دەهێننە ناو هەرێمی کوردستانەوە ڕێژەی سەرەتان لە بەرزبوونەوەدایە، ئێستا ئەگەر سەیری ساڵی ٢٠١٤ بکەین تاکو ئێستا تێبینی ئەوە دەکەین کە کۆمەڵگا بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە تووشی دەیان ڕاوەشاندنی سیاسی و ئابوری و یاسایی بووە، کار گەیشتۆتە ئەوەی دەست بۆ کەمترین موچەی کەمئەندامان و چاودێری کۆمەڵایەتی براوە، دۆخێک دروست بووە خەڵکی جگە لە موچە زۆر بایەخ بە لایەنەکانی تری ژیان نادات، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەبواری بەڕێوەبردنی وڵات.

یەکێک لە بنەماکانی قوتابخانەی شیکاگۆ، کەمی باجە. باجەکان جۆریان زۆرە، بەڵام بزنس و کۆمپانیاکانی حیزب لە باج بەخشراون؛ ئەمەش وایکردووە زۆر دەوڵەمەند بن، لە بەرامبەردا لە هەرێم لەم کاتەدا کە ئابوری لەپاشەکشەدایە حکومەت باجی بەڕێژەیەکی بەرز لەسەر شتومەک و خزمەتگوزارییەکان داناوە، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بازاڕەیە کە قوتابخانەی بازاڕی شیکاگۆ باوەڕی پێیەتی.

نیولیبراڵەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە دیموکراسی دەبێت هاوتەریبی بازاڕی ئازاد بڕوات، بەیەکەوە گەشە بکەن، مافی تاک بپارێزرێت و هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد بکرێت و دەسەڵات دەستاو دەست بکرێت تیایدا. بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەشێکی دیاری ئەم بنەمایانە پێشێل کراون، سیستەمی ئابوری کرێخۆر پاشەکشەی بەسیستمی دیموکراسی و دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات کردوە.

با نمونەیەک لە چەند ساڵێک پێش ئێستا لە کوردستان وەربگرین، کاتێک سەرۆکی هەرێمی پێشو (مەسعود بارزانی) سەرەرای کۆتایهاتنی ماوە یاساییەکەی و تەواوبونی دو خولی سەرۆکایەتی هەرێم و درێژکردنەوەی دوساڵی دیکە، لەرێگەی فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ

تەواوبونی ئەو دوساڵەش، هێشتا ئامادە نەبو دەسەڵات ڕادەست بکات. دەبو بارزانی لە ٢٠١٥/٨/١٩ کورسی سەرۆکایەتی بەجێبهێڵێت. بەڵام ئامادەنوبە، پۆستەکەی رادەست بکات و داوای درێژکردنەوەی ویلایەتەکەی بارزانی کرا بۆ چەند ساڵێکی دیکە، لەو قۆناغەدا بزوتنەوەی گۆڕان بوە ڕێگر لەبەردەم ئەم هەوڵەدا، ئەوەبو پارتی دور لەهەمو عورفێکی سیاسی و یاسایی، روبەروی بزوتنەوەی گۆڕان بویەوە، ئەوەبو پارتی بەبریاری مەکتەبی سیاسی حزبەکەی، پێشێلی هەمو بنەما دیموکراتیەکانی کردو پەنایی بردە بەر ڕێگری کردن لە سەرۆکی ئەوکاتەی پەرلەمان لەپشکی گۆڕان بۆ چونە هەولێر، دواتر دەرگای پەرلەمانیان داخست و کودەتایانکرد بەسەر چەند وەزیرێکی گۆڕان لەناو حکومەتدا. بەمجۆرە لەو قۆناغەشدا بەبریاری ئەنجومەنی شورای هەرێم، بریاردرا بارزانی تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتو بەتەواوی دەسەڵاتەکانیەوە لەپۆستەکەیدا بمێنێتەوە.

مانەوەی بارزانی، بەوجۆرە لەدەسەڵاتدا سەرەرای تەوابونی ماوە یاسایەکەی، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێگەکەی لاوازکرد. بەو جۆرەش هەرێمی کوردستان لە ماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، دوچاری چەندین کێشە و قەیرانی سیاسی و ئابوری و یاسایی بووەوە. دیارترینیان ئەنجامدانی ریفراندۆم و لەدەستدانی نیوەی خاکی کوردستان بو. لێرەوە بەرژەوەندی گشتی کرایە قوربانی، لەپێناو بەرژەوەندی تاک و مانەوە و رادەست نەکردنی دەسەڵاتدا.

لەپاڵ بنەماڵە سیاسییەکاندا لەهەرێمی کوردستان، کاربەدەستانی هەردو حیزبی دەسەڵاتدار، ژمارەیەکیان پشکیان لە داهاتی نەوت و قۆرخکاری بازاڕو ئابوریدا هەیە. بەپلەی یەکەم بەرپرسیاری ئەوکارەساتانەن کەلەماوەی چەند ساڵی رابردودا بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە. توێژی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتوی هەرێم لەساڵی ٢٠١٧ کاتێک پرسی ریفراندۆم هاتە ئاراوە، بەهەمو توانایەکەوە پشتیوانیان لێکرد، دواتریش بینیمان کەچۆن ئەو پرسە نەتەوەییە کرایە قوربانی، هەمو ئامانجی ئەو توێژەش ئەوەبو کەبتوانن لەپاڵ دروشمی نەتەوەیی و پرسی ریفراندۆمدا، شەرعیەتی خۆیان لەدەسەڵاتدا درێژبکەنەوەو خۆیان و نەوەکانیان بەردەوامبن دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و بازاڕو ئابوری لەهەرێمی کوردستاندا.

بەم جۆرە دەردەکەوێت، کەلەسایەی ئەم شێوازە ئابورییەدا بەهیچ شێوەیەک دەسەڵات ڕادەست ناکرێت. تەنانەت دوای شکستە گەورەکەی ڕیفراندۆم و لەدەستدانی لە ٥١% خاکی کوردستان و لەدەستدانی چەندین بیری نەوت و گاز لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا، دوورکەوتنەوەی وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆری گیانی و مادی بۆ هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی هێشتا ئامادە نەبوو واز لەدەسەڵات بهێنێت، تائەوەی بە فشاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق لە پۆستی سەرۆکەی هەرێم دورکەوتەوە. هەمو ئەمانە نمونەی ئەوەن کەچۆن سیستمی ئابوری کرێخۆر، دۆخێکی هێناوەتە ئاراوە، کەسیستمی دیموکراتی بنەمای دەستاودەستی دەسەڵات و یاساو مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان، دەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبی و شەخسی.

## چارەسەر

بوونی ئابوری هەمەجۆر دەتوانێت هەلی کار زیادبکات، ڕێژەی هەژاری دابەزێنێت، ڕێگە لەتەشەنەسەندنی گەندەڵی بگرێت و ببێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی خۆراک و ئاو، هاوکات دەتوانێت ئاسایشی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ژینگە بپارێزیت لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پەلەوەری و زیادکردن و داببنکردنی سەرچاوەکانی ئاو لەناو هەرێم.
٢- بەهێزکردنی کەرتی پیشەسازی.
٣- پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار.

پشتبەستن بە یەک سەرچاوەی داهات کە نەوتە و نرخەکەی ناجێگیرە، ناتووانێت وڵات بەڕێوە ببات و بەو هۆیەوە بەردەوام هەرێمی ڕوبەڕوی کێشەو گرفتی بەردەوام دەکاتەوە، بۆیە تەنها ڕێگا بەهەمەجۆرکردنی ئابورییە، بۆ بەهێزکردنی هەرێم لە ڕووی ئابوری و سیاسی و سەربازی و پەیوەندیەکانی دەرەوە.

گەشەکردنی ئەم کەرتانەش بە پەیوەندیەکی بەهێزی بەوەوە هەیە کە دەستی حیزب لە ناو بازاڕو بازرگانیدا ببڕێت . بە پەیوەندی بەهیزی کەرتی تایبەت و حکومەت مسۆگەر دەکرێت، لە ڕێگای پلانی تۆکمە کە شارەزایان و پەرلەمان بەشداری تێدا بکات، هاوشانی ئەوە کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی ڕاستەقینە بگێڕێت بۆ ئەوەی هەرێم لەو تونێڵە تاریکە بێتە دەرەوە بەرەو ئایندەیەکی ڕوناک بڕوات . چونکە بەم جۆرە بەڕێوبردنە کێشەکانی هەرێـم بەردەوامی دەبێت مانەوەی قەوارەی هەرێم لە بچوکترین گۆڕانکاری لە لایەن سیاسەتی زلهیزەکانی دنیاوە مەرتسی ڕاستقینە دروستدەکات

## دەرئەنجام

لەئێستادا هەرێمی کوردستان توشی چەند کێشە و ئاڵنگاریی دیکە بوەتەوە، لەوانەش (پەتای کۆڤید-١٩، تەنگژەی سیاسی لەگەڵ عێراقدا، پەیوەندییە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم، هەروەها قەیرانی موچە و ئابوری بەهۆی نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم لە لایەن بەغدادەوە..). هەمو ئەم کێشە و ئاڵنگارییانە لەپاڵ دەیان کێشەی دیکەی نێو سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان، بونەتە هۆکاری ئەوەی ئابوری کوردستان بەتەواوەتی ئیفلیج ببێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەوتووەتە دۆخێکەوە کە ناتوانێت بەکارە سەرەکییەکانی خۆی هەڵبسێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامنەدانی چاکسازی ڕیشەیی لە سێکتەرەکانی ئابوریدا، بارودۆخی ئابوری کوردستانی تێکداوەو دۆخی هەرێم بەرەو ئەوە دەچێت کە تەنانەت لەڕووی ئاسایشیشەوە بکەوێتە بەر مەترسییەوە.

بەگشتی ئەم سیستەمە کرێخۆرەی هەرێمی کوردستان، تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی کەمینەی دەسەڵاتدار دەدات، لە بەرامبەردا زۆرینەی کۆمەڵگا پەراوێز خراوە. بە تایبەت نەوەی دووای ڕاپەڕین کە چەندین ساڵە ناتوانێت سادەترین خەونی بهێنێتەدی، نەوەیەک کە لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریدان و لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە دەزانن چی لەجیهان و وڵاتانی دەوروبەریاندا دەگوزەرێت و زۆر زەحمەتە بتوانرێت لەسایەی ئەم سیستەمە کرێخۆرەدا کۆنترۆڵ و رازی بکرێن. ئەم هەلومەرجە، بەردەوام بووەتە هۆکارێک بۆ نارەزایەتی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندان. زۆربەی خۆپیشاندانەکانیش قوربانی لێدەکەوێتەوە، لەکاتێکدا ئامانجی خۆپیشاندانەکان تەنها بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان ڕێکخراوە.

قۆرخکردنی بازاڕ، دەسەڵاتداران و کەسە نزیکەکانییانی دەوڵەمەند کردوە، هاوکات لە ڕێگای میدیای زەبەلاحەوە کە موچەکانیان لە داهاتی نەوت و قۆرخکردنی بازاڕو کاری قاچاغچێتییەوە دابین دەکرێت، چەندین کەس و دەزگاو میدیاکاریان دروستکردوە کە خەریکی شێواندنی ڕای گشتین و دابیندەکرێت. هاوکات دامەزراندنی هێزێکی ئەمنی زۆر و میلیشیای تایبەت بۆ پاراستنی بەرپرسەکان کە مەسرەفیان لەسەر بودجەی گشتی و داهاتی نەوتە. بۆیە ئەمە وایکردووە زۆرکەس وابەستەیی و وەلائیان بۆ نیشتمان نەمێنێت و داوای گەڕانەوەی حکومەتی مەرکەزی بکەن بۆ کوردستان. ئەم سیاسەتە هەڵەیەی کە حکومەتی هەرێم پیادەی دەکات لەو تێکەڵەیە (ئابوری مولّکانە و نیو لیبڕاڵ) بۆتە هۆی ئەوەی کە مووچەخۆرانی هەرێم ٣٤ موچەیان بە لێبڕینەوە پاشەکەوتبکرێت وە ١٢ موچەی تەواوی فەرمانبەران بەتەواوی نەدرێت.

دواجار، ئەگەر حکومەتی هەرێم کار لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی و بەهەدەردان و کێشە بنەڕەتییەکانی هەرێم نەکات، ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەند ئەنجام نەدات، تا لە سیاسەتی ئابوری عێراقدا پشکی هەبێت، چاکسازی ڕیشەیی ئەنجام نەدات بە تایبەتی لە سێکتەری نەوت و گازدا کە بەشێکی سەرەکی

داهاتی هەرێم پێکدەهێنێت، هاوشانی ئەوانە ئەگەر ئابورییەکەی هەمەجۆر نەکات تا خەڵکانێکی زۆر بتووانن کاربکەن و داهات و بژێوی خۆیان دابینبکەن و بەرهەمهێنەر و بەشداربن لە کەرتی خزمەتگوزاریدا (Service Sectors) و بتوانن کاریگەرییان لەسەر تێکڕای گەشەی ئابوری هەرێم هەبێت. ئەگەر هەرێم لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بێت ئەوکاتە جیاوازی سامانی گەورە (WealthGap) دروستدەبێت، لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا، هەروەها جیاوازی بەهاکان واتە( Value Gap) مانای ئەوەیە ئەگەر یەکێک لە حیزبی دەسەڵات نەبێت هیچ دەرفەتی نابێت لە ڕووی ئابورییەوە گەشە بکات و کارەکانی بۆ جێبەجێبکرێت، تەنانەت پارێزراویش نابێت. ئەگەر (EqualOpportunity) دەرفەتی یەکسان، بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە نەڕەخسێنرێت کۆتایی ئەم دۆخە زۆر مەترسیدار دەبێت، چونکە کۆمەڵگە بەتەواوی تورەیە لە هەلومەرجی ژیانی خۆیی، مێژوی دەوروبەریشمان زۆر لەم نمونانەی پیشان داوین، کەچارەنوسی دەسەڵاتداران بەکێ گەیشتوە، کاتێک لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتدا رویان لە بەرژەوەندی گشتی وەرگێراوەو هەوڵیانداوە بەحوکمی هێزی سیاسی و ئابوری و سەربازی درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن لەدەسەڵاتدا.

## سەرچاوەکان


١. د.سەردار عەزیز ؛ حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان ، الدار العربية للعلوم-ناشرون ، لبنان – بيروت ، چاپی دووەم ٢٠١٥.

2. Thad Dunning, Authoritarianism and Democracy in Renter States, University of California, Berkeley, at the site; http://www.nyu.edu/gsas/dept/politics/seminars/dunning_3_f05.pdf

3. Marco Albonico, Does the "renter" state prevent democracy and economicgrowth?, IR and the Middle East, at the site; http://www.academia.edu/5506121/Does_the_rentier_state_prevent_democracy_and_economic_growth

4. Neoliberalism – the ideology at the root of all our problems https://www.theguardian.com/books/2016/apr/15/neoliberalism-ideology-problem-george-monbiot